# ئەوسا خەمێك. . . ئێستە تەمێك

ئیسماعیل هەڵەبجەیی

ڕۆژانێك بوو كۆبۆرگ. ئەڵمانیا
ئەم چاوانە بۆ دووریتان
بۆخەمی لێك دابڕانتان
فرمێسكی خوێنینی دەڕشت.
سەردەمێك بوو
ئەم دڵە پڕلەحەسرەتەم
كانگای خەم بوو
بۆ هەژاری و دەربەدەری وردو درشت.
بۆ ژوانێ
بۆ دیدارێ
دەیان ڕێگەی سەختم دەبڕی.
بۆمەرگی زەردی گەڵایەك
سەدان دڵۆپە فرمێسكم
لەسەر دوو ڕوومەتم دەسڕی.
بۆ خەراباتی گوندێكی ئەو نیشتمانە سوتاوەم
سینەم پڕدەبوو لەژانوو
دەرونم پڕ لە ناسۆرو
چاوانم كەیلی گریانوو
كەلەم پڕلە پشكۆ دەبوو.
بۆ منداڵیكی زۆر برسی ماندوو داماو
بۆدایكێكی سەرتاپا ڕەشی جەرگ سوتاو
بۆمەلێكی بەجێماوی ئەو كوێستانە
بۆ كیژێكی ئەتك كراوی ئەو گەرمیانە
ئەمردموو ئەمردمو. ووو.
سەدان تفی خەستم دەكرد
لەم سیستە مە پرگەندەڵەیی ئەم ژیانە
لەم لافاوە بێ شومارەیی ئەم تاوانە.
حەزم دەكرد. . . حەزم وابوو. خۆزگەم وابوو
بۆ كوكوختیە غەریبەكان
ببمە چلێ داری وشك، ببم بەلقە زەیتونێ.
بۆ منداڵانی هەموو گوندێ
ببم بەگوڵی سەرە ڕێ.
ئەم ئێستاكە
ئەوچاوانەی سەر چاوەی گریەو زاری بوو

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

www.kurdistannet.org
26/06/2003 01:28

وا سیٚ ساڵه فرمێسکی لیٚ نایەتە خوار.

ئەودڵە پڕ لە حەسرەتەی کانگایی خەم بوو

ووێنەی جاران هەر گیز ناکە وێتەوە کار.

لەم غور بەتا. ، ، ،

نە گوێم گویٚ بیستی دەنگ دەبیٚ

نەچاوم ئاشنایی ڕەنگ دەبیٚ

نەدەست هاوڕیٚ ی خامە دەبیٚ

نەپێنووس گویٚ لە هەست دەگریٚ

نەشەوێکیش قەصیدەیەك میوان دەبیٚ. . .

نە گوڵێکیش لەناخمدا چرۆدەکا

نە خۆرێکیش پرشنگی خۆی شانە دەکا

لەم غور بەتا گشت یادەکان لە بیر دەچیٚ

گشت خۆ شیەکان

کۆتا دەبیٚ کۆتادەبیٚ بەهاری ١٩٩٩

كوردستان نێت www.kurdistannet.org